# Department of Pathological Analysis
# Paytakht Institute
# Subject: kurdnasy (Theory)
# Course Book –1st *Grade students*
# Academic Year: 2023/2024

# Course Book
# بەشی شیکاری

| | | |
|---|---|---|
| ناوی کۆرس | کوردناسی | |
| مامۆستای بەرپرس | | |
| بە ش \ | **شیکاری نەخۆشییەکان/** | **پایتەخت-تایبەت** |
| پەیوەندی | / | |
| پەیوەندی | | |

Course overview لە دوو سێ پەرەگرافی پڕ مانا باس لە گرنگی و پێویستی ئەو کۆرسە بکە

**بابەتی کوردناسی وەك هەر بابەتێکی تری پرۆگرامی خوێندن لە قۆناغی یەکەمدا ، پێویستە و گرنگی تایبەتی خۆیی هەیە، بەو مانایەی بابەتەکە هەموو ئەو نادیاری و ناتەواویانەی، کەلەقۆناغەکانی پێشووی خوێندندا ڕوونەکراوەتەوە شیدەکرێنەوەو قوتابی بەسەرجەمیان ئاشنا دەبن . کۆردۆلۆجی ئەو زانستەیە کە خۆی خەریك دەکات بە ناساندنی نەتەوەی کورد ودیاری کردنی ناسنامەکەی لە رووی نەژادو مێژوو و زمان ودیالێکتەکان وفۆلکلۆر وداب ونەریت ونیشتمان وهونەروئایین وئایینزاکانی یەوە. ئەو زانیاریانەی سەبارەت بە بابەتی کوردۆلۆجی بە گشتی و (زمان و ئەدەبی کوردی) بە تایبەتی. بابەتەکانی تەواو چڕ دەکرێنەوە هەتا هەموو بابەتێکی پەیوەندیدار بەزانستی کوردۆلۆجی بگرێتە خۆی .**

**گرینگی ئەم کۆرسەو ناوەرۆکی بابەتەکانی بۆئەوەیە خوێندکار شارەزایی زیاتر لە نەتەوەی کورد پەیدابکات بەشێوەیەکی زانستی لە کلتور مێژووی ئەدەبیاتی فۆلکلۆرو نوسراوی کوردی و جیۆپۆلەتیکی کوردستان ئەو قۆناغانەی پێیدا تێپەر بووە ، لە رووی زمانەوانیشەوە سەلماندنی زمانی کوردی و پشت بەستو بە بەلگەی لێکۆلەران و رۆژهەلاتناسان ، شارەزابوون لە مێژووی کوردو کوردستان و نەژادو رەچەلەکی کورد لە مێژووی پر لە رووداوی خۆراگری و ژێردەستەیی کورد و تێگەیاندنان لە گرینگی ئەم ئازادییە و هەلی خوێندن بەزمانی دایك ، دەسەلاتی خۆمالی کوردی ، ئەرکی داهاتووی دەکەوێتە سەرشانی خوێندکاران و جێگیرکردن و بەردەوام بوونی لە کارەباشەکان و سود وەرگرتن لەکارەسات و نشوستی رابردوو**

بە دوو سێ پەرەگراف دەستنیشانی پەیام و ئامانجی گرنگەکانی کۆرسەکە بکە و ئەو خالانەی کە پێویستە قوتابی خوێندکار لەکاتی کۆتاییی ئەو کۆرسە فێریان ببێ دیاریان بکە Course Objectives

**پرۆگرامی خوێندنی وانەی (کوردۆلۆجی) بۆسالی (2014-2015 بریتییە لە پەیداکردنی شارەزایی تەواو سەبارەت بە مێژووی کورد، هەروەها شارەزابوون لەسەر بابەتی زمان و رێزمانی کورد و شارەزابوونی تەواوی قوتابی بە زمان و ئەدەبی کوردی. گەیاندنی بابەتی کوردۆلۆجی بە قوتابی لەگەل مەبەستە زانستییەکەدا ،کە ئامانج تیایدا شارەزایی کردنی قوتابییانە بەچەمك و ناسینی زاراوەی کوردۆلۆجی.**

**لێرەدا ئامانج و مەبەستی تایبەتی لەخوێندنی ئەم بابەتە ئەوەیە، کەکوردۆلۆجی یاخود لێکۆلینەوە لە**

**هەموو لایەنەکانی زمانی کوردی وەك زانستێکی پێگەیشتوو و سەربەخۆ بناسێنم و گرنگی ئەم بابەتانەیان بۆ روون بکەمەوە. بۆ ئەم مەبەستە زیاتر پشت بە رێگای ( ئامادەکاری) ( گفتوگۆیی) و چەند رێگایەکی تری پێویست دەبەستین. بێگومان بەکارهێنانی هەریەکە لەم شێوازانەش بەپێی سروشتی بابەتی وانەکەو بوونی سەرچاوەو هۆکاری پێویستیی لەبەر دەستدا بوو دەگۆڕێت.**

1–**پێویستە قوتابیان گوێڕایەڵی هەموو پەیرەوەکانی زانکۆ بن، کە لەرێبەری وەرگیرانەوە رونکراوەتەوە ، کە باس لەرینماییەکانی زانکۆ دەکات، ئەرك و مافەکانی قوتابی مامۆستا، باس لە چۆنیەتی رەفتاری قوتابی دەکات لەگەڵ مامۆستا وە لەنێوان خۆشیاندا**

2-**قۆپیەکردن :**

**أ-قۆپیەکردن لەمانگانە ، دەبێتە هۆی کەوتن لەم وانەیە.**

**ب-قۆپیەکردن لەتاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ لەیەك بابەتیش بێت ، بەکەوتن هەژمار دەکرێت لەهەموو بابەتەکان بۆ خولی یەکەم و دووەم .**

| سەرچاوە گرنکەکانی ئەو کۆرسە Course Reading List and References | | |
|---|---|---|
| سەرچاوە بنەڕەتیەکان | سەرچاوەی سوودبەخش | گۆڤار و ریڤیوو ( ئینتەرنێت) |
| 1 **خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان ، محمد ئەمین زەگی** | 1- **مێژووی ئەدەبی کوردی ، برگی یەکەم و دووەم و سێیەم ... مارف خەزنەدار،** | 1- **گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی** |
| 2. **مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ ، صالح قەفتان** | 2- **کورد لە دیدی رۆژهەڵاتناسانەوە ، فەرهاد پیربال** | 2- **گۆڤاری نوسەری کورد** |
| 3. **جوگرافیای کوردستان ، د.عەبدوڵلا غەفور** | 3. **زمانی کوردی ، فوئاد حمە خورشید** | 3- **گۆڤاری رامان** http://www.kulilk.com /portal/?q=node/25334 |
| 4. **مێژووی وێژەی کوردی ، بەرگی یەکەم ، دووەم ، سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)** | 4. **کوردۆلۆجی ، ژیلوان عەبدوڵلا ، کوردۆلۆجی عەبدولواحید مشیر زەیی** | http://www.amude.net/ewraq/7/ewraquna.htm http://www.gilgamish.org/viewarticle.php?id=history-20060518-26 |

**نمرەدانان:** :

تاقیکردنەوەی یەکەمی50٪ .

تاقیکردنەوەی کۆتایی 50٪ .

بەشداربوون و چالاکییەکانی ناوپۆل ، ئەنجامدانی ئەرکەکان و ئامادەبوون لە پۆلدا لە لایەن وانەبێژ بەدرێژایی ساڵی خوێندن هەڵدەسەنگێندرێن ، ئەمەش بۆ ئەو حالەتانە زۆر بە سوودە ، کەوا ئەنجامی نمرەی تاقیکردنەوەکانیان لە لێواردایە (لەژێر پەنجادا)،تاوەکو پلەی کۆتاییان بۆ دابنرێت .

***رێگای وانەوتنەوەکە***

**بۆ ئەم مەبەستە زیاتر پشت بە رێگای ( ئامادەکاری) ( گفتوگۆیی) و چەند رێگایەکی تری پێویست دەبەستین.**

**بێگومان بەکارهێنانی هەریەکە لەم شێوازانەش بەپێی سروشتی بابەتی وانەکەو بوونی سەرچاوەو هۆکاری پێویستیی لەبەر دەستدا بوو دەگۆڕێت.**

**بەکارهێنانی (پاوەر پۆینت) بۆ ناونیشانە سەرەکییەکان و سەردێر و پێناسەو پوختەو دەرەنجامەکان. هەروەها بۆ پۆلێنکردنی بابەتەکان و ، ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی خاڵی گرنگ و پێویستییەکان. هەروەها بەکارهێنانی کتێب ، تاوەکو بوار بەفێرخوازان بدرێت لەناو پۆلدا بەیارمەتی یەکتری بابەتەکان پراکتیزە بکەن.**

**خۆئامادەکردنی قوتابیان لەهەر وانەیەکدا ، وەك ئەرکێکی سەر شانیان بە خوێندنەوەی پەرتووکی لەبەر دەستدا بووی پرۆگرامی بڕیاردراو و خوێندنەوەی سەرچاوەی تری تایبەت بە بابەتەکانی وانەکە. بەمەبەستی دروستکردنی بازنەی گفت و گۆ لەناو پۆلدا و ، گۆڕینەوەی بیروڕا و بۆچوونەکانیان. تاوەکو وانەکە بەشێوەیەکی باش بەڕێوە بچێت ، زۆرترین قوتابییان تێیدا سوود مەندبن ، دەبێت قوتابییان هەوڵبدەن لەنەهاتن دوور بکەونەوە و ، بەشێوەیەکی ڕێك و پێك ئامادەی وانەکان بن و پابەندی دەوامکردن بن.**

**یەکەکانی بابەتەکە** :

| ژمارەی هەفتە | ناونیشانی بابەت |
|---|---|
| هەفتەی یەکەم | دەستپێك لەسەر بابەتەکەو رونکردنەوەی بەرنامەی خوێندن |
| هەفتەی دووەم | پێناسەی کوردناسی ، بنیاتنانی بیری کوردناسی ، ئامانجەکانی کوردناسی |
| هەفتەی سێیەم | کوردناسە ڕۆژئاواییەکان کوردناسە موسڵمانەکان و بەرهەمەکانیان |
| هەفتەی چوارەم | کوردستان و رووپێوێکی جوگرافی |
| هەفتەی پێنجەم | کوردستان روپێوێکی مێژوویی |
| هەفتەی شەشەم | میرنشینە کوردییەکان، شەری چالدیران |
| هەفتەی حەوتەم | ئایین و ئایینزاکان لەنێوکورد، شوێنەوارە کوردییەکان |
| هەفتەی هەشتەم | چەمك و پێناسەی زمان، ئاستەکانی زمان |
| هەفتەی نۆیەم | ئەرکەکانی زمان |
| هەفتەی دەیەم | دیالێکتەکانی زمانی کوردی، زمانی مرۆڤ و خێزانەکانی زمان |
| هەفتەی یازدە | مێژووی سەرهەلدانی ئەدەبی کوردی، بابا تاهیری هەمەدانی |
| هەفتەی دوازدە | ئەدەبیاتی کرمانجی ژووروو (ئەحمەدی خانی)، ئەدەبیاتی رکرمانجی ناوەراست ژیاننامە و شیعری نالی، ئەدەبیاتی گۆران ژياننامە و شیعری مەولەوی |

**چەند پرسیاریکی نموونەیی**

1-کام ئەرك لەئەرکەکانی زمان بەلای تۆوە گرنگە ؟ بۆچی ؟

2-گرنگترین شوێنەواری کوردی بەلای تۆوە کامەیە ؟ بۆچی؟!

3-ئایا ئاستەکانی زمان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە ؟

4- ئایا زمانی کوردی لە کوێی خێزانە زمانەکانی جیهانی دایە ؟

5-زاراوە کوردۆلۆجی لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە ؟

6-ئایا پێگەی جوگرافی کوردی چ گرنگییەکی هەیە بۆ ناوچەکە؟